## دەستەی ئاماری هەرێم هەواڵێکی رۆژنامەوانی سەبارەت بە بەروبوومەکانی کشتوکاڵی تۆمارکراو (خۆماڵی - هاوردە) لە عەلوەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2015 رادەگەیەنێت

- **میوەجاتی خۆماڵی ساڵی 2015 بە رێژەی 44% زیادی کردووە بە بەراورد لە گەڵ ساڵی 2014**
- **59% بەرهەمە کشتوکاڵیەکان لە بازاری عەلوەکان بۆ ساڵی 2015 لە دەرەوەی هەرێم هاوردە کراوە**


### نزیکەی 82% ی میوەجاتی 2015 بەروبوومی هاوردەن

کۆی گشتی میوەجاتی تۆمارکراو لە 2015 لە عەلوەکانی هەرێمی کوردستان بڕەکەی گەیشتۆتە (415719) تەن, بەشی بەروبومی خۆماڵی لەم بڕە (73353) تەن دەبێت کە رێژەی دەگاتە 17.6% و بەروبومی هاوردە (342366) تەن دەبێت کە رێژەکەی دەگاتە 82.4%. هەروەها میوەجاتی خۆماڵی لەساڵی 2014 بە بڕی (50925) تەن تۆمارکراوە, کە ئەم رێژەیە لە ساڵی 2015 زیادی کردووە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2014 بە رێژەی 44%. بەڵام هێشتا میوەی هاوردە بەشێکی گەورەی خواستی بازارەکان دابین دەکات کە کاریگەری راستەخۆی دەبێت لە سەر لاوازبوونی باری ئابوری وولآت و بەرزبوونەوەی نرخەکان لە عەلوەکان و بازارەکانی هەرێم.

### بڕی (100) هەزار تەن سەوزەواتی زستانە لە عەلوەکانی هەرێم لە ساڵی 2015 تۆمارکراوە

بە پێی داتای تۆمارکراوی عەلوەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2015 بڕی (100148) تەن لە سەوزەواتی زستانە تۆمارکراوە کە بەشی بەروبومەکانی خۆماڵی لەم بڕەدا (31393) تەن دەبێت بە رێژەی 31% و بەروبوومی هاوردە بڕەکەی (68755) تەن دەبێت بە رێژەی 69%. هەروەها ئاستی بەروبومی سەوزەواتی زستانەی خۆماڵی 2015 کە بڕەکەی لە سەرەوە خراوەتەروو بە بەراورد لە گەڵ بەروبومی ساڵی 2014 کە بڕەکەی (22971) تەن دەبێت بە رێژەی 36%زیادی کردووە, و ئاستی سەوزەواتی زستانەی هاوردە لە ساڵی 2015 کە بڕەکەی (68755) تەن دەبێت بە بەراورد لە گەڵ ساڵی 2014 کە بڕەکەی (73900) تەن دەبێت بە رێژەی 7% کەمی کردووە.

### شێوەی بەروبومی کشتوکاڵی خۆماڵی و هاوردە (میوەجات + سەوزەواتی زستانە + سەوزەواتی هاوینە) 2014 – 2015 لە تۆماری عەلوەکانی هەرێم




### بڕی (900) هەزار تەن سەوزەواتی هاوینە لە عەلوەکانی هەرێم لە ساڵی 2015 تۆمارکراوە

سەوزەواتی هاوینەی تۆمارکراو لە عەلوەکانی هەرێم لە ساڵی 2015 بڕەکەی (894729) تەن دەبێت کە بەشی بەروبومی خۆماڵی لەم بڕەدا (472444) تەن دەبێت بە رێژەی 53% و بەروبوومی هاوردە بڕەکەی (422285) تەن دەبێت بە رێژەی 47%. بە پێ ی داتای ساڵی 2014 بەروبوومی هاوردە لەم ساڵەدا بڕەکەی (432876) تەن بووە و ئەمەش بە بەراورد لە گەڵ بەروبومی 2015 کە بڕەکەی لە سەرەوە خراوەتەرو 5% کەمی کردووە, بەڵام بەروبومی خۆماڵی 2015بە بڕی (472444) تەن بە بەراورد لە گەڵ ساڵی 2014 کە بڕەکەی (452045) تەن بووە بە رێژەی 2% زیادی کردووە.

### کۆی بەروبوومی کشتوکاڵی (خۆماڵی + هاوردە) لە عەلوەی پارێزگاکانی هەرێم لە ساڵی 2015

| | هەولێر | دهۆک | سلێمانی | گەرمیان |
|---|---|---|---|---|
| سەوزەواتی هاوینە | 329,852 | 287,301 | 217,942 | 59,634 |
| میوەجات | 154,451 | 95,349 | 125,955 | 39,964 |
| سەوزەواتی زستانە | 33,489 | 41,035 | 19,682 | 5,942 |

پێوانەی کێش(وزن) = تەن